دوو دڵۆپ فرمێسک بۆ حەمەحسێنی کورد و گورد

ئاوات نامیق ئاغا

وەک پێزانین و ئەمەکداری بۆ خەبات و تێکۆشانی ئەم پێشمەرگە هەڵکەوتووەی کورد، ئاسۆ ئەم نووسینە لەیادی ساڵڕۆژی شەهیدبوونیدا بڵاودەکاتەوە

سلێمانی ئەتۆ بۆ کورد ئەمینی
هەتا دنیا بمێنێ کورد ئەمێنێ
ئەوی بۆ کورد ئەژی ئازایە، مەردە
ئەوی بۆ خۆی ئەژی عەمری نەمێنێ!

ئەمە چوارینەیەکی بەهەشتی محەمەد بەدری شاعیرە، کە سەرەتای مارتی ١٩٧٩ لە میهرەجانی دووەمی شیعری کوردی لە هۆڵی نەقابەی کرێکارانی سلێمانی خوێندیەوە و هەردەم بەسەردەمی (حەمە حسێن)ەوە بوو.

فەهیمەخانی دایکی لەسەر گڵکۆکەی وای بۆ ئەلاواندەوە «شیرەکەمت پێ حەڵاڵ بێ، چونکە خیانەتت لە کورد نەکرد.. با بە ئاڵای کوردستان داتپۆشم، بەقوربانی ئاڵاکەی کوردستان بم، کە لە یانزە ساڵییەوە تۆ بە بۆیە و قەڵەم لە دەفتەرەکانتا ڕەسمت دەکرد!

هاوینی ٢٠٠٢ کاتێک لە کوردستان بووم و هەرجارە بە بەر ماڵی بابی (میر) و (هەڵۆ)دا دەڕۆیشتم، کە دەمبینی چۆن ئەو پەرچەمە خاسە ڕەنگ و پیرۆزەی کوردستانی بە تەوێڵی خانووەکەیەوە پەخشانکردوە بزەیەک دەیگرتم و دەموت: بێگانەیەک بێتە ئێرەکانێ وا دەزانێ ئەم ماڵە وەزارەتخانەیە!

ئەم لاوە ئەسمەرە کە بنەڕەت لە دایکبووی کەرکوکی شاری کوردان بوو ئەوکاتەی کە باوکی لەوێ عەریفی سوپا دەبێ، جگە لە خەسڵەتە ڕەسەنەکانی کوردەواری کۆمەڵێک بەهای بەنرخی وای تێدابوون کە ئەوسا، ئێستا و ڕەنگە دواتریش دەگمەن هەموو لە کەسێکدا کۆببنەوە، کە دیارە دەورووبەر و خێزانیش کاریگەری تەواویان لەسەری هەبووە!

عەریف حسێنی باوک لە کادێرە هەرە بوێر و چالاکە دێرینەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، کە هەرگیز نەیدەزانی ئاڵودە دامەنی بەری بە کوێوەیە و سەرەڕای ئاتاجی و هەژاری، دوای خانەنشینکردن بە تەکسییە شڕەیەکی لادا قنیاتی کرد و ماڵ و منداڵی سەربەرزانە بەخێوکردن.

ئەم پیاوە هێندە ورەبەرز بوو تەنانەت ئەو ڕۆژانەش کە ئەنفال گەیشتە دوا لوتکەی دڕندەیی و دوا قۆناغ، دڵخۆشی حەمەی دەدایەوە و دەیوت «حەمەگوڵ گوڵی خۆمانە و تازە بەعس فت»!

(حەمە) بۆ خۆیشی وریا و چاونەترس و هەرلە شانزە ساڵییەوە مل لە چەقۆسوی کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان) بوو. دوای نۆزدە ساڵیش ئەوکاتەی کە ئامادەیی پیشەسازی لەڕیزی (١٠) دەرچوانی یەکەم تەواو دەکا، دەچێتە شاخ و (هەرێمی (٥)ی قەرەداغ: تیپی (٥٧) سەگرمە)ی چالاک بۆ مەیدانی هەڵسوڕانی کاری پێشمەرگانەیی هەڵدەبژێرێ.

گەرچی وێستەیەک لە ژیانی پێشمەرگانەی (حەمە)دا هەیە سەبارەت بەباری خودی و بابەتی ناجۆری دوای ناوەڕاستی ١٩٨٠کان، بەڵام هەرزوو پێش ڕاپەڕین (حەمە)ی سەرباز ڕێکخستنی بەشێک لە شانە چەکدارەکانی سلێمانی لەئەستۆ دەگرێ و نەک ئاگرە سوورە لە خۆم دوورە بەڵکە (ئەمنە سورەکە)ش هەڵدەبژێرێ تا جامی تورەیی و قینی چەندین ساڵەی بەسەردا بڕژێنێ!

)حەمە) ئەوەندە شێلگیرانە چاوەڕوانی تەپڵی ئەو زەماوەندەی دەکرد، کە تێیدا کاتی سفریشی لێ گۆڕدرا، لەو لایەنەوە بەزمێکی عەنتیکەشی لێ ڕوودا. چەند ڕۆژێک بەر لە وادەی ڕاپەڕین، بێ ئاگا لە بەروار و کات، بەنهێنی عەمباری چەکی سریە سەربازییەکەی خۆی لە دەری سلێمانییەوە ئەهێنێتە ناوشار، بەڵام کە دواتر بۆی ئاشکرا دەبێ، ئەم زۆر پێش کاتەکەی کەوتووە، ناچار بە ئۆتۆمبێل چەکەکان بەنهێنی دەباتەوە جێگەی خۆی مەباد ئاشکرا بێ، بەر لەوەی بۆ پێش ٣/٧ دیسانەوە بیانهێنێتەوە سلێمانی.

ئێستا کە ئەم چەند دێرە ئەنووسم موچڕکەیەک دامەدەگرێ و ئەو وێنە فۆتۆگرافەم دێتەوە پێش چاو کە ئێوارەیەک بەرلە ڕاپەڕین، کۆمەڵێک هاوڕێی ڕێکخستن هەموو پێکەوە گرتبویان و وتبویان: «بابزانین سبەینێ ئەم کاتانە کێمان شەهید دەبین»؟! کە دیارە بەهەشتی (مولازم دلێر)ی ئەفسەری پۆلیسی ئەوسای سلێمانی هەر بۆ سبەی سەرقافڵەی گرتن و (حەمە)ش بریندار بوو.

ئەو ئێوارە نارنجیانەی هاوینانی سەرەتای ساڵانی (١٩٨٠)کانم دێنەوە یاد کە بەیاوەری یادگار و خاوخێزان، سەردانمان ئەکردن و لەسەر بانیژەی قوتابخانەکەی قازانقایە کاتی زەردەپەڕ لەگەڵ ئاواتی شێخ جەناب، ڕزگاری حاجی کایل، دکتۆر ساجید، مامە قالە، مامۆستا مەریوان و جارجارەش سالاری حەمەی جۆلا، کەمالی شێخ ساڵح، جەمالی حاجی ڕەسوڵ و شەهید نزاری جەلالی شانەگەر، تا درەنگان دەمەتەقێمان ئەکرد و دووکەڵی جگەرەمان ئەکردە خەمێکی ئەستوور بەئاسۆی دێ-وە.

)حەمە) ڕۆژێکیان لە هەیوانەکەدا چیرۆکێکی (زەکەریا تامر)ی بۆ گێڕامەوە، وتی: «شێرێک ڕاوچیەک بەندی ئەکا، یەکەم بەیانی بۆ میوانداری کە ڕاوچیەکە وەک تێکڕای نێچیرەکانی دی گیای لە قەفەزەکە بۆ ئەهاوێ، شێرەی تایەن ئەنەڕێنێ و ئەڵێ: بێفەڕ من پادشای دارستانم، گیا مانای چی؟ بڕۆ گۆشتم بۆ بێنە!! ڕاوچی شانێک هەڵئەتەکێنێ و ئەڵێ: بتەوێ و نەتەوێ هەر ئەوەیە، دوای چەند ڕۆژێک ڕاوچی جارێکی دی بەلای قەفەزەدا ڕەت ئەبێتەوە و شێرەی برسی هاواری لێ ئەکا، بەڵکە هەندێک گیای بۆ بێنێ، ڕاوچیش ئەڵێ: پاشا گیا بۆ گوێدرێژە و ئەوەی نەزەڕێنێ گیای نادرێتێ. شێرە لەمە ئەوندەی دی دەهری ئەبێ!!، وردە وردە شێرە لاواز ئەبێ و ناچار دوای ماوەیەک ڕاوچی گاز ئەکا و ئەڵێ: قوربان ئەو مەرجەشت بەجێیە و گیا بێنە»!. ئیتر حەمە هەر بۆ خۆی ئەیوت: «خوا کەس نەکا بە تەڵەی ڕاوچییەوە»!!

ڕۆشنبیر بوو، خۆی هیلاک ئەکرد و جگە لەبواری پسپۆڕییەکەی خۆی، نووسینی بابەتیشی ئەخوێندەوە، هەر جار کە بگەڕامایەتەوە وڵات هەواڵی دوا بابەتی کوردناسی و ئەو بابەتانەی دکتۆر جەمال نەبەز ئەیوروژاندن ئەپرسی، و گەلێک جار بیروڕای خۆیشی لەسەر دەرئەبڕین. کە میوانیشم ئەبوو خەمی کتێبەکانم لێئەهات و لەو ڕێگەوە بەشێکی (الحرب النفسیه)کەی، (سەلاح نەسر)یشم تیاچوو، کاتێک ماڵەکەی تاڵان کرا!

)حەمە) یەکێک بوو لەوانەی کە ئەیویست ئەو توانایانەی کە تێیداهەن، بەهەدەرنەدا و بەکردەوە بەکاریانبێنێ.. لەو پێناوەدا بەردەوام گەشەی ئەکرد و ئەچوە پێش.

دوای ڕاپەڕین لەبەر لێوەشاوەیی ئەبێتە جێگری فەرماندەی (بەتالیۆنی بازیان) و دواتریش فەرماندەی (هێزی قەرەداغ)، کە (لیوای تایبەت)یش دائەمەزرێ، بە پەرۆشەوە پابەندی خۆی دەرئەبڕێ و لە مەشقگا خۆی نوقمی ئارەقەی بەرهەتاوی دەشتی تانجەرۆ ئەکا!

ماندوو نەئەبوو، ملکەچی هەموو ڕاهێنان و نارەحەتیەک بوو، تا بووە ئەفسەری هەواڵگری لیوا. کاتێکیش وەزارەت و گشت فەرمانگەکان دامەزرانەوە، ئەم ئاسایشی هەڵبژارد و سەرکەوتوانە چەندین خولی مەشق و ڕاهێنانی لە قەڵاچوالان و لێرە و لەوێ بە پلەی یەکەم تەواو کردن و بووە بەرپرسی بەشی ڕامیاری ئاسایش و دواتریش جێگری بەڕێوەبەری ئاسایشی سلێمانی. ئەم دەسکەوت و پێشکەوتنانە (حەمە)ی توشی بیرۆکراسێتی وەزیفە نەکرد و لەودیو کورسی و مێزەوە توندیان نەکرد. پلەی عەقیدیەکەشی نەکردە قەڵغان، بەڵکە خاکی تریان کرد و زۆرتر هانیان دا، تا ئەوەی لە هزر و توانایدایە و ئەوەیش کە هەوڵی بۆ داوەو فێری بووە بیخاتەگەڕ و ڕاستەوخۆ و مەیدانی بەکردەوە خزمەتی گەلەکەی پێبکا.. ئەگینا بەخۆی بەردەوام کاتی (٢)ی سەرلەبەیانی سەردانی شوێنە گومانلێکراوەکانی نەئەکرد!

من دڵنیام لەوەی)حەمە (، ئەوە یەکەم کاری لەوجۆرەی نەبووە و ڕەنگە دەیان ئەرکی دی لەوە سەختتریشی بەرەو ڕوو بووبێتەوە. لەو لایەنەوە جەماوەری گەلەکەمان بەگشتی و شاری سلێمانی بە تایبەت چاک ئاگادارن کەچەندین پیلانی دوژمنان بە هۆشیاری، ئازایەتی و بێداری ئەم و هاوڕێکانی کە وەک کۆمەڵێک برای گیانی بەگیانی ئەبزوان لەبەریەک هەڵوەشێنران و پوچەڵ کرانەوە. شەهید بوونیشی ئێوارەی٢٠٠٣/٨/٢٧ هەر ئەو ڕاستیەی سەلماند، بەڵام چۆن ئەو کەسەی چەندین پیلان و هەوڵی تیرۆرکردنی لەملاو ئەولاوە بۆ درابوو بەو هەموو زیتی و زیرەکییەوە هێندە خۆشباوەڕ بوو، وا هەرزان کەوتە تەڵەیەکی کلاسیکی ئاسانەوە و شەلاڵ کرا؟! ئەی لاکەی دی چۆن هێنرانە سلێمانی، کێ هێنانی لە سلێمانیدا ئاژاوە بنێنەوە؟

بۆ ئەو هەلە ڕەخسا بێگانە تەراتێنیان بێ و لاوەکانمان بە ئارەزوو لەخشتە بەرن. بۆ نامۆ، عەبدوڵڵا و عومەر ... تاد پەڕینەوە سەنگەری دوژمنانی گەل؟ بۆ کوڕی ماڵە چەپەکێکی نەداری هەڵەبجە بگاتە ئیماراتی عەرەبی و لەوێوە بەڕێبخرێ بۆ ئەفغانستان و بیەوێ حەمید کارزای لەناو بەرێ؟ بۆ ئەو گەنجانەمان وا خێرا فریو بخۆن، هاوێر بکرێن و بەرەو هەڵدێر ڕێگە بگرن؟ بۆ ئەمانە زۆربەی کوڕی ماڵە هەژارن، بۆ زۆربەیان گەنجن، بۆ زۆرینەیان بێ ماڵ و منداڵن؟ هەورامانی سەربەرز، ئەو ناوچەیەی کە دوا مەڵبەندی کوردستانە سرودەکانی (گاتا) و (یەسنا)ی تیا خامۆشکران، بۆ بووە سەرەکیترین مۆڵگەی توندڕەوی و سەلەفیەت؟ بۆ گەراکان هەر لەو جێگە نسرمانەدا هەڵدێن؟ خۆ ئەحمەد موختار بەگی جاف ئەیفەرموو:

پاش قڕانی مودەشی دەست پێ ئەکەن تەعمیری موڵک
ڕێگەی ئاسنین ئەچێتە شاخی هەورامانەوە
کێو و کەژ گشتی ئەبێتە باخو جادە و قەیسەری
بۆ تەماشای دەستە دەستە دێن لە ئینگلستانەوە

ئەم (بۆ)یانە پێکەوە وەک تۆپی خل بووەوەی بەفر بەردەوام گەورە ئەبێ گەر هەتاوی وەڵامی ڕاست و هەنگاوی دروست نەیتوێننەوە!!

ئاشکرایە لاکەی دی لەبەرەی دوژمنانی گەل و شارستانیدا بوون، لەمەودای نێزیکدا هەر لەکیس خۆ و بنەماڵەیان چوون، بەڵام گەر بهاتبا و هەر لە سەرەتاوە بە چاککردنی دۆخی تایبەتی و بابەتیان، بەربەستی هەڵخلیسکانیان بکرایە، ئەوا ڕەنگ بوو بە ئاقارێکی خاس و ڕەوان سوود لە تواناکانی ئەوانیش وەربگیرایە، هەروەک ئەوەی ئێمەی کورد دوژمنانمان زۆرە و هەمیشەش پێویستمان بە دوابەیەکی ڕۆڵەکانمانە! بۆیە ئەوانیش لە مەودای نێوەند و دووردا لەکیس گەل چوون بەفیڕۆ ڕۆیشتن!.

ئەشێ ئەم بۆچوونەی من لای هەندێک ناقۆڵا بێ و خراپ لێکبدرێتەوە و وای بۆ بچن کە خوا نەخواستە ئەمە بیانوە بۆ ڕووسپیکردنەوەی بکوژانی (حەمە)!!! کە دیارە هەرگیز مەبەستی من نییە، حاشا.. بەڵکە خۆزگە و تکای پیادە کردنی ئەو ژیرمەندییە لە ڕابەرانی وڵات کە بزانن، تەنیا بە ڕووبەڕووبونەوەی چەکداری کێشەکان چارەسەر ناکرێن و گەرەکە لە بێخەوە لێیان بکۆڵرێتەوە و چارەسەری درێژخایەن و هێورانە بکرێن. ئەوانێک کە بە کردەوە و هەمووو پێو دانگێک لێپرسراون بەرامبەر هەر تاکێکی کۆمەڵ، پێشتریش لەزۆرینەی زۆری تاوانبارانی کۆن و نوێ خۆش بوون و لاپەڕەی نوێیان لەگەڵ هەڵدانەوە، لە تونایاندایە ئەم دەردەش بە هۆشمەندی بێ دوکەڵ چارەسەر بکەن! باسەکەی من لەسەر (حەمە حسەین) بوو، بەڵام لەکیس چوونی ڕۆڵەیەکی بوێر و پسپۆڕ، خۆنەویست و بەهەڵوێست کە ساڵەهای تەمەنی بۆ بەرگری لە چینەکەی و سەراپای تافی لاویشی تا شەهید بوون بۆ داکۆکی لە مافەکانی کورد و پاراستنی دەستکەوتەکانی تەرخان کردبوو، هێندە زیانێکی قەبەیە، بۆیەهای تریش ئەوروژێنێ.

)حەمە) وەک دایکی ئەیفەرمو: «دەمێک بوو بە ئاواتی ئەم ڕۆژەوە بوو کە شەهید ببێ» و وەک شاعیرە عەرەبەکەش ئەیخواست:

فیا رب ان حانت وفاتی فلا تکن.. علی شرجع ٍ یعلی بخضر المطارف

بەپێوە ئەنگاوترا و ئەنجام گورد و مەردانە بەئاڵای چوار ڕەنگی نیشتمانەوە، لە دەروازەیەکی مەزنەوە چووە مێژووی کوردەوە.

لەندەن
ئۆگوستی ٢٠٠٧

شەهید حەمەحسێن

وەرگرتنی پارەی زیادە لەلایەن بریکارەکانی دابەشکردنی خۆراکەوە قەدەغە دەکرێت

هەڵەبجە، زانا ئەحمەد- سالم حەمەخان:

دوای ئەوەی ژمارەیەک لە بریکارەکانی دابەشکردنی خۆراکی مانگانەی هاوڵاتیان بڕیاریاندا لەبەرامبەر پێدانی بەرەخۆراکی مانگانەدا پارەی زیادە لەوەی کە بڕیارە بیاندرێتێ، وەربگرن، پارێزگای سلێمانی وەرگرتنی پارەی زیادە لەهاوڵاتیان لەلایەن بریکارەکانی خۆراکەوە قەدەغە دەکات.

بەپێی نووسراوێکی قایمقامیەتی قەزای هەڵەبجەی شەهید کە ژمارە ٢٤٥/٢ ی لەسەرە و بە ئیمزای فوئاد ساڵح ڕەزا، قایمقامی هەڵەبجەی شەهید ئاڕاستەی دەزگا پەیوەندیدارەکان کراوە، ناوەڕۆکی نووسراوی پارێزگای سلێمانی کە ژمارە ٦٢٣١ی لەسەرە و لە نووسراوەکەدا هاتووە: «ئاگاداری هاوڵاتیانی خۆشەویست و بریکارەکانی کۆمپانیای دابەشکردنی خۆراک لەسنووری پارێزگای سلێمانی دەکەینەوە کە دەبێت تەنها (٢٥٠) دینار وەربگیرێت بۆ هەر سەری خێزانێک لەکاتی وەرگرتنی بەشەخۆراکی مانگانە لەلایەن بریکارەکانەوە، هەر بریکارێک سەرپێچی بکات بەتوندی سزا دەدرێت بەداخستنی دوکان و بڕینی بریکارییەکەی».

ئامادەیی کشتوکاڵ لە هەڵەبجەی شەهید دەکرێتەوە

هەڵەبجە، سالم حەمەخان- زانا ئەحمەد:

بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەڵەبجەی شەهید بۆ ئەمساڵی خوێندنی ٢٠٠٧-٢٠٠٨ ئامادەیی کشتوکاڵ لە هەڵەبجەی شەهید دەکاتەوە.

لە نووسراوێکدا کە ژمارە ٧٨٣٧ی لەسەرە و بەئیمزای حەسەن شێخ نوری، بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی هەڵەبجەی شەهید ئاڕاستەی دەزگاکانی ڕاگەیاندن کراوە بۆ بڵاوکردنەوەی و وێنەیەکی دەست ئاسۆ کەوتووە، بەشی ڕاگەیاندنی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردە داوا لەسەرجەم دەرچوانی پۆلی سێیەمی ناوەندی ئەمساڵ و ساڵانی ڕابردووش لە (کوڕو کچ) دەکات کە هەر خوێندکارێک ئارەزوومەندە بۆ خوێندن لە ئامادەیی کشتوکاڵی هەڵەبجە، با سەردانی ئامادەیی پیشەسازی هەڵەبجە بکات بۆ وەرگرتنی فۆرمی وەرگرتن بۆ ساڵی ٢٠٠٧-٢٠٠٨.»

بەپێی نووسراوەکەش جگە لەدابینکردنی بەشی ناوخۆیی بۆ کوڕان و کچان، دەرماڵەش دەدرێتە خوێندکاران بەجۆرێک خوێندکاری ناوشاری هەڵەبجە (٣٠,٠٠٠) و خوێندکاری دەرەوەی هەڵەبجەش (٣٧,٥٠٠) دینار وەردەگرن».

ڕێکخراوی کیدۆ مەڵبەندی تەندروستی بۆ ٧٤٠ گوند دروستکردووە

ئاسۆ، هۆزان خلیل:

حوسام بەرزنجی، سەرۆکی ڕێکخراوی گەشەپێدانی ئابووری کوردستان (کیدۆ) بەئاسۆی ڕاگەیاند؛ «کخراوی کیدۆ یەکێکە لەو ڕێکخراوە مەدەنیانەی کە بە فیعلی خزمەتی خەڵکی فەقیر و هەژاریان لە کوردستاندا کردووە».

وتیشی: « مەڵبەندی تەندروستیمان بۆ ٧٤٠ گوند لە هەرێمی کوردستان دروستکردووە و مەڵبەندی ڕۆشنبیری بۆ ٦٠٠ منداڵی ئاوارە دروستکردووە لەگەڵ دانانی پرۆگرامێکی پەروەردەیی بۆ ١٦٠ منداڵی ئاوارەی نەخوێندەوار».

ڕاشیگەیاند؛ « ڕێکخستنمان بۆ (٩) خولکردووە، بەبەشداری (٢٧٠) لاو بۆ ڕاهێنان لەسەر پێشەنگێتی لە دامەزراندنی پرۆژەدا و لە ساڵی ٢٠٠٦دا چاودێری هەڵبژاردنە گشتییەکان و بەرزکردنەوەی هۆشیاریمان لەو بوارەدا کردووە».

ناوبراو سەبارەت بە ژمارەی چالاکییەکان وتی: « ئەمە بەشێکە لەو کارانەی کە کردومانە، بەڵام بەرنامەی زیاترمان هەیە و زۆر پرۆژە بۆ گەنجانیش کراوەتەوە وەک سولفەی زەواج بە بڕی ٣ هەزار دۆلار بۆ دابینکردنی بژێوی ژیانیان». بەرزنجی پێیوایە کە ڕێکخراوەکەیان بەردەوامە لەسەر کار و خزمەتگوزاری بۆ خەڵکی کوردستان بێ جیاوازی.

شایانی باسە ڕێکخراوی کیدۆ لەساڵی ١٩٩٥ەوە دامەزراوە بۆ گەشەپێدانی ئابووری کوردستان و بەتایبەت خزمەتکردن بە خەڵکی هەژار و تا ئێستاش بەردەوامی بەکارەکانیان دەدات وەک ڕێکخراوێک کە سەر بە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنییە لە کوردستان.

پارکێک لە هەڵەبجە دەکرێتەوە

هەڵەبجە، ڕێبین کاکەیی:

ڕۆژی ٢٠٠٧/١/٣١ ڕێکخراوی شنەبای مرۆیی بەردی بناغەی پارکێکی لە هەڵەبجەی شەهید دانا، بەڵام بۆ ماوەیەک کارکردن لەو پرۆژەیەدا وەستێنرا دوای ئەوەی سەرۆکایەتی شارەوانی هەڵەبجەی شەهید ئەو ڕێکخراوەیی لە جێبەجێنەکردنی ئەو پرۆژەیە ئاگادارکردەوە لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا دەست بەکارەکانی ئەو پرۆژەیە کرا. سەرچاوەیەک بە ئاسۆی ڕاگەیاند؛ «ئەو پرۆژەیە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان ئیدارەی هەولێری پێشوو بودجەکەی بۆ دابینکرابوو، بەڵام لە ڕێگەی ڕێکخراوی شنەبای مرۆییەوە ئەو پرۆژەیە جێبەجێ دەکرێت».

ناسیح حەبیب ئەسکەندەر، سەرپەشتیاری پرۆژەکە ئەو هەواڵەی بۆ ئاسۆ پشتڕاستکردەوەو وتی: «ڕێکخراوی شنەبای مرۆیی وەک گەیەنەرێک وایە لە نێوان حکومەتی هەرێمو کۆمپانیای جێبەجێکار کە کۆمپانیای سۆزان»ە

وتیشی: «بودجەکەی بڕی ٤٦٣ ملیۆن دینارەو لەسەر ڕووبەرێکی ٣ هەزار مەتر دووجا پرۆژەکە جێبەجێدەکرێت ماوەی پرۆژەکەش ٣ مانگە». ڕاشیگەیاند؛ «کاری پرۆژەکەمان بریتی دەبێت لە دروستکردنی سیاجێک بە دەوری پارکەکە»، لە کۆتایی لێدوانەکەی سەرپەرشتیاری پرۆژەکە بە ئاسۆی ڕاگەیاند ئەو خانووە تەجاوزانەی دەکەونە بەر پارکەکە لەبەرامبەردا قایمقامیەت و سەرۆکایەتی شارەوانی هەڵەبجە پارچەیەک زەوی دەدەن بە خاوەنەکانیان.

کۆنفرانسی کۆمەڵەی ڕووناکبیری کۆتاییهات

کەرکوک، سەعد مەلا عەلی:

ڕۆژی ٢٠٠٧/٨/٢٥ کۆمەڵەی ڕووناکبیری پارێزگای کەرکوک کۆنفرانسی هەڵبژاردنی نوێنەرانی بۆ کۆنگرەی سێیەمی کۆمەڵەکە سازدا کە لەهۆڵی قوتابخانەی (هێمن)ی سەرەتایی لە گەڕەکی ئیسکانی کۆن لەشاری کەرکوک بەڕێوەچوو. شایانی باسە ژمارەیەکی زۆر لە ڕووناکبیر و نووسەرانی شارەکە ئامادەی کۆنفرانسەکە بوون و (٢١) کەس خۆیان بۆ هەڵبژاردبوو، دواجار (١٣) کەس بەنوێنەری نووسینگەی باباگوڕگوڕ هەڵبژێردران.

لە بنکەی پۆلیسی نەخۆشخانەکانەوە

سلێمانی، محەمەد ڕەزا:

سەرچاوەیەک لەبنکەی پۆلیسی نەخۆشخانەی فریاکەوتن لە سلێمانی بەئاسۆی ڕاگەیاند؛ «ڕۆژی ٨/٢٥ لەلایەن نۆژداری دادییەوە ئاگادارکراین بەبوونی تەرمێک بەناوی (ا.ح) تەمەن ٣٥ ساڵ کە پێشتر لە شیوەکەڵ مار پێوەیدابوو دواتر بەهۆی سەختی ژەهراوی بوونەکەیەوە شەوی ٨/٢٦\٢٥ گیانی لەدەستدا و تەرمەکەی ڕەوانەی نۆژداری دادی کرا پشکنینی لاشە و فۆرمی توێکاری بۆ کرا، دادوەر بڕیاریدا بە ناردنی مەلەفەکەی بۆ پۆلیسی چوارتا.

ژنێکی تەمەن ٢٥ ساڵ ڕۆژی ٨/٢٤ بەهۆی گڕگرتنی تەباخی غازەوە لە ماڵەکەی خۆیدا لە پارێزگای کەرکوک جەستەی سووتا بەناوی (خ.ل.ع) ڕێژەی سوتاوییەکەی زۆرە و بەمەبەستی چارەسەرکردن ڕەوانەی نەخۆشخانەی ئیمێرجنسی کرا لە سلێمانی، خرایە ژێر چاودێری پزیشکییەوەو باری تەندروستی نا ئارامە. هەروەها بەهۆی وەرگەڕانی ئۆتۆمبێلەوە لە نزیک گوندی سەرگەڵو (٤)سەرنشینی ئۆتۆمبێلەکە بریندار بوونو (ح.م.ع) تەمەن ٢٥ ساڵیش گیانی لە دەستداو کە شوفێری ئۆتۆمبێلەکە دوای ئەوەی بەمەبەستی چارەسەرکردن ڕەوانەی نەخۆشخانە کران، لەسلێمانی تەرمی شۆفێرەکەش ڕەوانەی نۆژداری دادی کراو پشکنینی لاشەو فۆرمی توێکاری بۆ کرا. لە گوندی کانی بەرواری سەر بەناحیەی وارماوە ژنێکی تەمەن ٢٩ ساڵ بەناوی (ا.م.ع) دووپشک پێوەی دەداو ڕەوانەی نەخۆشخانە دەکرێت لە سلێمانی دوای ئەوەی چارەسەری بۆ کرا خرایە ژێر چاودێری پزیشکییەوەو باری تەندروستی بەرەو هێوربوونەوە دەچێت.

لە شاری ڕانیە (ب.ح.م) تەمەن ١٣ ساڵ بەهۆی ڕووداوی ئۆتۆمبێل بەسەختی بریندار دەبێت و بە ڕاپۆرتی پزیشکی نەخۆشخانەی ڕانیە ڕەوانەی نەخۆشخانەی فریاکەوتن کرا لە سلێمانیو خرایە ژێر چاودێری پزیشکییەوەو باری تەندروستی نائارامە.

لەلایەکی ترەوە هاوڵاتییەکی تەمەن ٢٥ ساڵ بەناوی (خ.ا.ر) لە قەزای سەیدسادق دووپشک پێوەی دەداو بە سەختی جەستەی ژەهراوی دەبێت بەمەبەستی چارەسەرکردن گەیەنرایە نەخۆشخانەی فریاکەوتن لە سلێمانیو خرایە ژێر چاودێری پزیشکییەوەو باری تەندروستی نائارامە.

سندوقی دراوی نێودەوڵەتی بانکێکی خوێن لە دهۆک دەکاتەوە

دهۆک، سەرکەوت لەتیف، ئارام شێخ وەسانی:

لەمیانەی سەردانێکدا بۆ شاری دهۆک، وەفدێکی سندوقی دراوی نێودەوڵەتی بڕیاریدا بانکێکی خوێن لە شارەکە بکاتەوە بەمەبەستی زیاتر بەرەوپێشبردنی کەرتی تەندروستی لەو شارە. لەو بارەیەوە بەشی ڕاگەیاندنی فەرمانگەی تەندروستی دهۆک ڕایگەیاند: «شاندی بانکی دراوی نێودەوڵەتی لەگەڵ بەڕێوەبەری فەرمانگەی تەندروستی دهۆک کۆبونەتەوەو بڕیاریانداوە بەکردنەوەی بانکێکی خوێن لە شارەکە.» ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد کە بانکەکە لەسەر بودجەی سندوقی دراوی نێو دەوڵەتی دروستدەکرێت و بڕیاریشە بانکێکی هاوشێوە لە هەولێریش دروست بکرێت.

ڕێگای سەرەکی بالیسان نۆژەن دەکرێتەوە

بالیسان، توانا موسڵیح:

لەسەر داواکاری ناحیەی بالیسان لەلایەن پارێزگاری هەولێر بڕیاری نۆژەنکردنەوەی ئەو ڕێگا سەرەکییە دەدرێت کە بە سنووری ناحیەی بالیسان تێپەڕ دەبێت. ساڵح ئەکرەم، بەڕێوەبەری ناحیەی بالیسان بە ئاسۆی ڕاگەیاند؛ «لە ساڵی ٢٠٠٤ چەندین جار داوامان کردووە کە ئەو ڕێگایە پێویستی بەچاککردنەوە هەیە، چونکە بەهۆی کۆنی ڕێگاکە و ئەو بارهەڵگرانەی کە بەسەریدا تێپەڕ دەبن چاڵ و چۆڵی زۆری تێکەوتووەو ڕۆژانە ڕووداوی هاتوچۆی زۆری لێدەکەوێتەوە».

وتیشی: «دوای ئەوەشمان کردووە نیشانەکانی هاتوچۆی بۆ دابنرێت». ئەندازیار سیروان سەرپەرشتیاری پرۆژەکە وتی: «لەلایەن فەرمانگەی چاککردنەوەی ڕێگاوبانی هەولێر دروست دەکرێت و نەدراوەتە کەرتی تایبەت و تەنیا ئەو جێگایانە نۆژەن دەکرێتەوە کە تێکچوون».

وتیشی: «بودجەیەکی تایبەت بۆ ئەم پرۆژەیە دابین نەکراوە، بەڵام بەڕێوەبەرایەتییەکەی ئێمە کە تایبەتە بەڕێگاوبان، مانگانە ١٠٠ ملیۆن دیناری هەیە ئێمەش بەم بوودجەیە هەوڵمانداوە بەپێی داواکارییەکانی بەڕێوەبەری ناحیەکانی سنووری پارێزگای هەولێر بە پیریانەوە بچین».

وتیشی: «لەلایەن تیمی نیشانەکانی هاتوچۆوە نیشانەی پێویست دادەنرێت». شایەنی باسە ئەو ڕێگایە ٩ کیلۆمەتری بەر ناحیەی بالیسان دەکەوێت لەساڵی ١٩٧٦ لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە بە درێژایی ٥٩ کیلۆمەتر لە خەلیفانەوە بۆ چوارقورنە دروستکراوە کە ئێستا هەمووی پێویستی بە نۆژەنکردنەوەو نیشانەکانی هاتوچۆ هەیە.